# راگەیاندراوی رۆژنامەوانی

# خەتەنەکردنی ژنان لە عێراق

توێژینەوەیەك دەریخست: خەتەنەکردنی ژنان لە کەرکوك بەربڵاوە

بۆ یەکەم جار توێژینەوەیەکی مەیدانی دەریخست کە خەتەنەکردنی ژنان هێشتا رەچاوکراوە لە چەند ناوچەیەکی عێراق لە دەرەوەی هە ریمی کوردستان..

رێکخراوی(وادی) لەگەڵ رێکخراوی لۆکاڵی(سە نتە ری پەنا) هە ستان بە ئە نجامدانی توێژینەوەیەکی قوول سەبارەت بە بیون و رابردووی دیاردە ی شێواندنی کۆئەندامی زاوزێی مێینە (خەتەنەکردنی ژنان) لە کەرکوك، چاوپێکەوتن ئە نجامدراوە لەگەڵ 1212 ژن لەسەروو تەمەنی 14 ساڵەوە کە 61 پرسیارئاراستە ی هە ریە کە کراوە.

بەر لە دوو ساڵ(وادی) توێژینەوەیەکی هاوشێوەیئە نجامداوە لە کوردستانی عێراقدا ئەوەی دەرخست کە بەرزی رێژەکە ترسناکەو دەگاتە 72%، هاوکات چاودێری مافی مرۆڤ توێژینەوەیەکی بڵاو کردەوە کە پشتگیریی و تەواوکاریی ئەنجامەکانی (وادی) بوو لەو بارەیەوە، پاش بەگژداچوونەوەی فراوان و هەوڵەکان فشارخستنی چالاکوانەکان و گروپەکانی مافی ژنان (بروانە کەمپینی راگرتنی خەتەنەکردنی ژنان لە کوردستان) حکومەتی هەرێم بە یاسا قەدەغەکردنی ئەم دیاردەیەو هەروەها هەموو شێوازەکانی توندوتیژی قەدەغە کرد دژی ژنان و منداڵان.

بە لام لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق بە هەمان شێوە ی کوردستان نی یە، کە شاری کەرکوکی فرە نەتەوەو دەوڵەمەند بە نەوتیش دەگرێتەوە، دەسەڵاتی گشتی پێی وایە کە خەتەنەکردنی ژنان بوونی نیە لە دەرەوەی هە ریمی کوردستاندا.

توێژینەوەیەکی نوێ کە هە ردوو ریکخراوی ناوبراو ئە نجامیان داوە ئەوەی سەلماند کە بۆ کەرکوك ئەو گریمانەیە ناڕاستە، بە پێی دەرەنجامەکانی دەرکەوت 38.2%ی ژنانی کەرکوك لەگەڵ دەرەنجامە کانی خەتەنەکردنی ژناندا دەژین.

کە لە نیویاندا ژنانی کورد بە رێژەی 65.4%  زۆرترین زیان بەرکەوتووی نەتەوەکانە، ژنانی عەرەب بە رێژەی 25.7% ژنانی تورکمان 12.3% بوو

بە تیشك خستنە سەر ئینتمای ئاینی 40.9 لە مەزهەبی سونە خەتەنە کراوون، 23.4% لە مەزهەبی شیعە، 42.9 لەناو کاکەییەکان

بە لام هیچ کریستیان(مەسیحی)یەکی زیان بەرکەوتوو دەست نەکەوت.

رێژەی بڵاویی خەتەنەکردنی مێینە لەناو کچانی خوار 20 ساڵ تەنها 15%، ئەوەیش دەریدەخات کە ئەنجامدانی ئەو کارە بەرەو کەمبوونەوە دەچێت بە تێپەڕبوونی کات. لەنێوان ئەو ژنانەی تەمەنیان لە 60-70 ساڵە، رێژەکە دەگاتە 80%ی ژنان

کاتێك دە کە ریینە وە بو هۆکارە کانی ئە نجامدانی خە تە نە کردن، وەڵامەکان بە یەکسانی دابەش دەبوون لەنێوان (نەریت) و (ئاین) بە واتای ئیسلام.

لەلای زۆربەی ئەو کەسانە، خەتەنەکردن واتا بڕینی (میتکە)، بەڵام لەلای گوندنشینە عە رە بی یە کان، ڕێژەی 21% ئەزمونی زۆر شێوەی ناسۆریان کردوە، وەکو بڕینی هەر دوو لێوی ناوەوە، یاخود دەرەوە.

دەرەنجامەکانی کەرکوك دەریخست کە خەتەنەکردنی مێینە جگە لە کوردەکان لەناو نەتەوەکانی دیکەیش بەربڵاوە، ئەم داتایانەیش بەڵگەی بەهێزن لەسەر گریمانەی ئەوەی کە خەتەنەکردنی مێینە بەربڵاوە لە سەرتاسەری عێراقدا، پێدەچێت ملیونە ها ژن و کچ روبەڕوی ئەم پێشێلکارییە جەستەییە ببنەوە.

تەواوی توێژینەوەکە لە مانگی حزیران 2012دا بڵاو دەکرێتەوە

بۆ زیاتر زانیاریی تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە لەڕێگەی ژمارە تەلەفۆن و ئیمەیلی خوارەوە


| | |
|---|---|
| ریکخراوی وادی بو فریاکوزاری و کە شە بیدان | تە لە فون: +49-69-57002440 |
| شە قامی هاربورنە ر 62 | امیل: info@wadinet.de |
| المانیا D-60439فرانکفورت ام ماین | ویب: www.wadi-online.de |
| نوسینکە ی وادی –سلیمانی/ کوردستان | تە لە فون: +964-7701588173 |
| نوسینکە ی سە نتە ری بە نا لە کرکوك | تە لە فون: +964-7701512007 |
| | امیل: panacenter@yahoo.com |


[1] Female Genital Mutilation in Iraqi Kurdistan. An Empirical Study by WADI."Frankfurt 2010. http://www.stopfgmkurdistan.org/study_fgm_iraqi_kurdistan_en.pdf

[2] HRW: "They Took Me and Told Me Nothing." New York 2010. http://www.hrw.org/de/reports/2010/06/16/they-took-me-and-told-me-nothing-0

[3] http://www.stopfgmkurdistan.org/